لەجامی کیشوەرەکاندا،

ئیسپانیا و بەرازیل بۆ قۆناغی دووەم، عێراق و باشووری ئەفریقا لە کێبەرکێی پلەی دووەم دان

میسر پاڵەوانی جیهانی تووشی کارەسات کرد

ئەرکان محمد رەشید

رۆژی یەک شەممە بەرواری ١٤-٦-٢٠٠٩ ولە وڵاتی ئەفریقای باشوور کاروانی یارییەکانی هەشتەمین جامی کیشوەرەکان بە یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و باشووری ئەفریقای خاوەن یاریگاو جەماوەر دەستی پێکردو تیایدا هەردووڵا ئاستێکی باشیان پیشانداو بە بی گۆڵ بەرامبەر بوون و لە یاری دووەمدا ئیسپانیابە ئەنجامێکی گەورەو بە ٥-٠ گۆڵ لە نیوزلەندای بردەوەو لە خولی دووەم دا عێراق و ئیسپانیای ریزبەندی یەکەمی جیهان بەیەکگەیشتن و ئیسپانیا بە زەحمەت و بە تاکە گۆڵێکی (دیڤدفییا) یاریییەکەی بردەوەو لە یاری باشووری ئەفریقاو نیوزلەندا ٢-٠ باشووری ئەفریقا براوە بوو .

بەم ئەنجامانەش عێراق دەبێت لە یاری سێ یەمدا بەرامبەر نیوزلەندا بردنەوەیەکی باش بەدەست بهێنێت بۆئەوەی بگاتە قۆناغی دووەم . لە گرووپی دووەمیشدا ئەنجامەکان بەم شێوەبوون

بەرازیل و مسر ٤-٣ بۆبەرازیل

ئیتالیا و ئەمریکا ٣-١ بۆ ئیتالیا

لە یاریەکانی قۆناغی دووەمی گرووپی دووەمدا گەورەترین گۆران رووییدا کاتێ هەڵبژاردەی میسر بە تاکە گۆڵێک لە ئیتالیای پاڵەوانی جیهانی بردەوەو بەم ئەنجامەش پاڵەوانی جیهانی رووبەرووی کێشەیەکی گەورە کردەوە لە یاری داهاتوودا بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل.

پێش دەست پێکردنی پاڵەوانێتی هەشتەمین جامی کیشوەرەکان بۆ ئەوە بوون کە لە گرووپی یەکەم ئیسپانیا بەئاستی سەردەکەوێت و هەڵبژاردەکانی باشووری ئەفریقیاوعێراق یش یەکێکیان دەتوانن پلەی دووەم بەدەست بهێنن و بەپێ ی ئەنجامەکانی ئەم گرووپە بەوشێوەیە دەرچوون و تادوا قۆناغ هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و باشووری ئەفریقیا سەرکەوتنیان یەکلاییبووتەوە .

لەبەرامبەر ئەمەشدا هەڵژاردەکانی گرووپی دووەم پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرا کە ئیتالیای پاڵەوانی جیهان و بەرازیل بە ئاسنی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەڵام دۆراندنی ئیتالیا

بەرامبەر بە میسر هاوکێشەکانی گۆری و پێدەچێت ئیتالیا ببێت بە قوربانییەکی چاوەروان نەکراوی ئەم پاڵەوانێتییە ویاری کۆتاییش گەرم و گوربیەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت

بەشێوەیەکی گشتی هەشتەمین پاڵەوانێتی جامی کیشوەرەکان ئاستی تیپەکان باش دەرکەوتن و دوا قۆناغیش کێ بەرکێ ی بەهێز بەخۆیەوە دەبینێت و چاوەروان دەکرێت عێراق لەکۆمەڵەی یەکەم و یان میسر لە کۆمەڵەی دووەم بگەنە قۆناغی دووەمی هەشتەمین جامی کیشوەرەکان لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا.

ئەوەی شایانی باسە جامی کیشوەرەکان تاوەکو ئێستا ٧ جار ئەنجام دراوەو هەریەک لە هەڵبژاردەکانی بەرازیل و فەرەنسا بە ٢ نازناوو هەڵبژاردەکانی (ئەرجەنتین و دانیمارک و مەکسیک) بە تەنها نازناوێک مێژوویان بۆخۆیان تۆمارکردووە .

یانەکانی کوردستان هەڵبژاردنی دەستەی تازەیان بۆ دەکرێت

یانەی کفری: هەر کەسێک خۆی دەپاڵێوێت با بێتە پێشەوە

بڕیارە ٢٧ی ئەم مانگە هەڵبژاردن بکرێت

زەنگ-بێستون

بەرپرسی راگەیاندنی یانەی کفری رایدەگەیەنێت کە یانەکەیان دەرگای کراوەیە لە پێش هەر کەسێکدا بێەوێت بێتە پێشەوە خزمەت بکات خۆی بپاڵێوێت.

ئاوات حەمە ئەمین بەرپرسی راگەیاندنی یانەی کفری باس لەوە ئەکات کە بڕیارە ٢٧ ئەم مانگە هەڵبژاردنی سەرجەم یانەکانی کوردستاندا بکرێت، ئەو وەکو یانەی کفری ئەوەش دەڵێت کەوا فۆرمی تایبەت بە خۆیان هەیە هەر کەسێک بیەوێت خۆی کاندید بکات ئەو ئیمە فۆرمی ئەدەین ئەویش ئەشاردەوە تاکو ئێستا یەک کەس هاتووە بۆ پرکردنەوەی فۆرمی خۆکاندیدکردن.

لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ئێستا هەڵبژاردنی یانەکانی کوردستان نەکراوە ئەمەش دەبێتە یەکەم هەڵبژادنی گشتی لە دوای ئەو ساڵە بۆ یەکەمجار، بەڵام ئەمساڵ مەرجی خۆ پاڵاوتن وەکو ئاوات باسی لێوە ئەکات چەند خاڵێک لە خۆ دەگرێت "دەبێت کاندیدکراو تەمەنی لە ١٨ کەمتر نەبێت و هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت، بەند نەکرابێت، ئەزموونی هەبێت لە بواری وەرزشدا بەس ئەمە یەک کەس بۆی هەیە ئەم مەرجەی تیا بێت لە یەکەس زیاتر نابێت، ریکۆرد شکێن بێت (رقم القیاسی) بێت"

سەبارەت بە دانانی کەسێک لەلایەن خۆیانەوە بەرپرسی راگەیاندن وتی:" ئیمە لای خۆمانەوە جەلیل سابیرمان داناوە وەکو یانە".

لەمەڕ ئەوەی کە ئەو ئەندامەی دەستەی یانە چەند رۆژێک پێش ئێستا دەست لە کارکێشانەوەی خۆی راگەیاندووە بۆ وەڵامی ئەمە وتی:" دیارە وەک دەزانن کە دەست لە کار کێشانەوە دەبێت رەزامەندی دەستەی یانە لەسەر بێت، ئێمەش رەزامەندیمان لەسەر دەست لە کارکێشانەوەی ئەو راگرتووە".

یەکێکی تر لەو لەو خاڵانە بۆ کاندیکراو دەبێت لە دەستەکەدا کچێک هەبێت بەڵام تاکو ئێستا بوونی کچ لە یانەکەدا نییە، ئەوەی خۆی کاندید ئەکات هەشت کەسە.

لە وەڵامی ئەوە پرسیارەی ئایا هەڵبژادنی دەستەیەکی نوێ بۆ یانەکە چارەسەری کێشەکانی یانەکە دەکات ئاوات دەڵێت:"ئەمە بۆ رێکخستنەوەیە دوای ئەو بێسەرو بەرییەی وەزارەت دیارە هەستی بەوە کردووە کە چیتر بیر لەوە بکاتەوە یانەکان رێکبخاتەوە.

سیستەمی هەڵبژاردنەکانی یانەکان هەموو کەس بۆی هەیە خۆی بپاڵێوێت، دواتر لە کۆی ئەو یانزە کەسە کە بۆ دەستەی بەرێوەبردن هەڵدەبژیرێت تیدا سەرۆکی یانە و جێگرەکەی و سکرتێر و ئیدارەی یانەکە ئەکرێت.

ئەحمەد جەلیل لێپرسراوی پێشوی تیپە میللیەکانی کفری لە بارەی هەڵبژاردنەکانەوە وتی:"ئێمە حەز دەکەین لەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاری بکرێت و کەسی باش دابنرێت و خزمەت وەرزش بکات بۆ سەر بەرزی شارەکەمان نەک تەنها بۆ بەژەوەندی خۆی و بۆ بەرژەوەندی مادی بڕواتە پێشەوە بەڵکو بۆ غەمی شارەکە و بۆ غەمی وەرزش لە کفری بڕواتە پێشەوە نەک تەنها بۆ ئەوەی کە پۆست وەرگرێت"، لە بارەی ستافی ئێستای یانەی وەرزشی کفری وتی: "حەقە بگۆڕێت بۆ ئەوەی ستافێکی تازە بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر خزمەت بکات و گەشە بە وەرزش بکات لە شارەکەمان".

سالار عەبدولجەبار هێرشبەری یانەی زەورا:

١٥ملیۆن دینارم داوە بە کارگێری یانەی زەورا تاکو دەستبەردام بن

باوکی میران- کەرکوک

ماوەی دوومانگە کێشەو ناکۆکی کەوتووەتە نێوان زۆربەی یاریزانانی یانەی زەورا لە گەڵ سەلام هاشم سەرۆکی یانەکە تێکچوونە بەوەی زیاتر لە سێ مانگە یاریزانەکان مووچەی مانگانەیان وەنەگرتووە .

سالار عەبدولجەبار هێرشبەری یانەی زەورا یەکێکە لە باشترین یاریزانەکان وڕۆلێکی بەرچاوی هەبووە لە سەرکەوتنەکانی زەورا لەخوولی عێراق یاخود لە جامی یەکێتی تۆپی پێ ئاسیا، سالار بەزەنگی وت :" بۆ سێ مانگ زیاترە یاریزانەکان هیچ مووچەیەکیان وەرنەگرتووە و هەرچەندە زۆر وەعد وبەڵێن درا پێمان کە ئەو کێشە چارەسەر بکرێت" .

هەوەها سالار وتیشی " کە لە دوا یاریمان لە جامی یەکێتی تۆپی پێ ئاسیا گەڕاینەوە بۆ عێراق بریارمان دا کە چیتر یاری نەکەین تاوەکو داواکاریەکانمان جێ بە جێ نەکرێت سەلام هاشم سەرۆکی یانەی زەورا حەوت لەو یاریزانانەی دوورحخستەوە لە یانەکە، ئەوەبوو کۆمەڵی لە بەرپرسی وەرزشی وحکومی هاتنە نێو کێشەکەوە هەوڵیان دا کێشەکە چارەسەربکرێت تەنانەت (ئەحمەد رازی) وەرزشوانی دێرینی عێراق ویانەی زەورا بەڵێنی دا بێتە نێو کێشەکەوە بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بوونی لە پەرلەمان وسەفەری بۆ دەرەوەی وڵات کێشەکە بە ئالۆزی ماوەتەوە".

سەبارەت بە دوا بریاری خۆی سالار عەبدولجەبار ئەوەشی ئاشکرا کرد و وتی :" من گرێبەستێکم لە بەر دەستدایە لە گەڵ یانەی هەولێر بەڵام دەستەی کارگێری یانەی زەورا ڕازی نەبوون نووسراوی فەرمی بۆ بنووسن بەوەی ماوەی ساڵێک گرێبەستم ماوە لەگەڵ یانەی زەورا بە مەرجێک ئەو بڕ پارە بدەمەوە یانەی زەورا کە لە ئەستۆم دەبێ منیش رازی بووم بەوەی ١٥ ملیۆن دینار بدەم بە یانەی زەورا تاوەکو دەستبەردارم بن بەڵام هێشتا دەستەی کارگێری زەورا رازی نین نووسراوی فەرمیم بۆ بکەن بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو بۆ یانەی هەولێر یاری بکەم".

یانەی وەرزشی زەورا

زۆری تیپەکان و کەمی خزمەتیان

ئەرکان محمد - کەلار

تیپە میللیەکانی کەلار بێ بەش نەکراون لە جلوبەرگی وەرزشی وێرای زۆری تیپەکان بۆ جەند جارێک جلوبەرگیان پێ بەخشراوە.

رۆژی دووشەممە ١٥-٦-٢٠٠٩ بەهاوکاری لیژنەی تیپە میللیەکانی شاری کەلار کەل و پەلی وەرزشی بەسەر ١٥ تیپی میللی شاری کەلار دابەشکراو لەکۆبوونەوەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە وەرزش کاران ئامادەبوون.

کامەران جاسم لێپرسراوی لیژنەی تیپە میللیەکانی شاری کەلار وتی:" لیژنەکەمان بەردەوامە لە ئیش وکارەکانی و لەماوەی پێشوودا کەل و پەلی وەرزشیمان بەسەر ٢٠ تیپی میللی پلە نایاب و پلە یەک دابەش کردو ئەم جارەش کەل و پەلی وەرزشی و تۆپ مان بەسەر ١٥ تیپی میللی شاری کەلار دابەش کرد".

بە مەبەستی بینینی یاری عێراق و ئیسپانیا

چوارکاتژمێر یاری یانەی هەولێر و یانەی شورتە دواخرا

زەنگ : هەولێر

لە زنجیرە یارییە دواخراوەکانی یانەی هەولێر لە خوولی بژاردەی عێراق گروپی باکوور یانەی هەولێر بە تاکە گۆڵێک سێ خاڵی دیکەی خستە سەر خاڵەکانی .

یانەی شورتەی بەغدا لە یاریگای نێودەوڵەتی فەرەنسۆحەریری بووە میوانێکی قورسی یانەی هەولێر گۆلچی وهێڵی بەرگری توانیان تا خوولەکی ٦٤ بەرگری لە تۆڕی گۆڵەکەیان بکەن .

عەلی مەنسور هێرشبەری یانەی هەولێر بە لێدانێکی توند توانی کپی هەزارەها بینەری یاریگا ببچڕێنێ خۆشی بخاتە نێو دڵی جەماوەری هەولێر وگۆڵی یەکەمی یانەی هەولێری تۆمار کرد .

لە دوا بیست وپێنج خوولەکی یارییەکە هەردوولا هێرشی بەرامبەریان چڕکرد بۆ گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە ، بەڵام تا دوا فیکەی ناوبژیوان ئەنجامی یارییەکە وەک خۆی مایەوە و یانەی هەولێر کۆی خاڵەکانی بەرزکردەوە بۆ ٥٥ خاڵ ولە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ بەدەستهێنانی چەند خاڵی یارییە دواخراوەکانی تر بۆ ئەوەی پلەی یەکەمی گروپی باکوور بە دەست بهێنێ وگەیشتنی بۆ یاری کۆتایی خوولی بژاردەی بۆ ساڵی سیهەم مسۆگەر بکات .

چەند سەرچاوەیەک ئاماژەیان بەوە کرد بە مەبەستی بینینی یاری عێراق وئیسپانیا یاری نێوان هەولێر وشورتەو بۆ چەند کاتژمێرێک لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دوا خرا تاوەکو یاریزانان وجەماوەر بواری بینینی یارییەکە لە دەست نەدەن .